# خوای گەورە بەشەرم وداپۆشەرە (حيي وستير)ە، شەرم وداپۆشینی خۆشدەوێت، ئەگەر یەکێکتان خۆی شۆرد ئەوا با خۆی دابپۆشێت

له یەعلای کوڕی ئومەیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی لە شوێنێکی کراوەدا خۆی دەشۆرد بە بێ ئەوەی ئیزاری* لەبەردا بێت، چووە سەر مینبەر، حەمد وسوپاس وستایشی خوای گەورەی کرد، وپاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە بەشەرم وداپۆشەرە (حيي وستير)ە**، شەرم وداپۆشینی (سیترکردنی) خۆشدەوێت، ئەگەر یەکێکتان خۆی شۆرد ئەوا با خۆی دابپۆشێت (لە سەیرکردنی خەڵکی)». *(ئیزار: ئەو جلەیە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەردەکرێت وەکو پانتۆڵ وشەڕواڵ وهتد)، **(بەشەرم وداپۆشەر -حيي وستير-: ئەمانە ناوی خوای گەورەن هەروەکو لە بەڵگەکاندا هاتووە، لە هەمان کاتدا سیفەتی خوای گەورەن)
[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی لە شوێنێکی کراوەدا بە ڕووتی خۆی دەشۆرد، چووە سەر مینبەر، حەمد وسوپاس وستایشی خوای گەورەی کرد، وپاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە بەشەرم وداپۆشەرە (حيي وستير)ە*، شەرم وداپۆشینی (سیترکردنی) خۆشدەوێت، ئەگەر یەکێکتان خۆی شۆرد ئەوا با خۆی دابپۆشێت (لە سەیرکردنی خەڵکی)»، بەشەرم وداپۆشەر -الحيي والستير-: ئەمانە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، خوای گەورە شەرم وداپۆشینی -سیترکردنی- خۆشدەوێت، بۆیە نابێت مسوڵمان شەرمگەی (عەورەتی) دەربخات لە پێش خەڵکیدا کاتێک خۆی دەشوات یان لە هەرحاڵەتێکی تردا، بەڵکو پێویستە عەورەتی دابپۆشێت، وخۆی بشارێتەوە لە سەیرکردنی خەڵکی، وشەرم کردنی خوای گەورە سیفەتێکە شایەنی زاتی مەزنی الله یە، وەکو شەرم کردنی بوونەوەرەکان نییە، کە هۆکاری گۆڕانی حاڵ وکز بوونەوەیە لە مرۆڤدا کاتێک دەترسێت یان عەیبێکی باسدەکرێت یان ڕەخنەی لێدەگیرێت یان هەر حاڵەتێکی تر، وسیفەتی شەرم کردن لە خوای گەورە بریتیە لە دووری زاتی مەزنی الله لە شتێک کە نەگونجێت لەگەڵ فراوانی ڕەحمەتی وکامڵی بەخشینی وڕێزلێنانی ومەزنی لێبووردنی. *(بەشەرم وداپۆشەر -حيي وستير-: ئەمانە ناوی خوای گەورەن هەروەکو لە بەڵگەکاندا هاتووە، لە هەمان کاتدا سیفەتی خوای گەورەن)

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8292

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee